اأَذْهِبِ الْبَاسَ، رَبَّ النَّاسِ، وَاشْفِ أَنْتَ الشَّافِي، لَا شِفَاءَ إِلَّا شِفَاؤُكَ، شِفَاءً لَا يُغَادِرُ سَقَمًا

له عائیشەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر سەردانی نەخۆشی بکردایە؛ نزای بۆی دەکرد ودەیفەرموو: «اأَذْهِبِ الْبَاسَ، رَبَّ النَّاسِ، وَاشْفِ أَنْتَ الشَّافِي، لَا شِفَاءَ إِلَّا شِفَاؤُكَ، شِفَاءً لَا يُغَادِرُ سَقَمًا». واتە: «ئەم ناڕەحەتیە لابەبە، ئەی پەروەردگاری خەڵکی، وشیفا بنێرە تەنها تۆ شیفا بەخشیت -الشافي-یت، هیچ شیفایەک نییە جگە لە شیفا بەخشینی تۆ نەبێت، شیفایەك کە هیچ نەخۆشیەک نەهێڵێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر سەردانی نەخۆشێکی بکردایە نزای بۆی دەکرد ودەیفەرموو: خودایە (أَذْهِب:لایببە)؛ ومەیهێڵە، (البَأسَ:ئەم ناڕەحەتیە)؛ ونەخۆشیە تونده، (رَبَّ النَّاسِ:پەروەردگاری خەڵکی)؛ وخولّقێنەر وپەروەرێنەریان، (اشْفِ:شیفا بنێرە)؛ بۆ ئەم نەخۆشە، (أَنْتَ:تۆ)؛ پاك وبێگەردیت، (الشَّافِي:شیفا بەخشیت)؛ وداوات لێدەکەم بەناوی -الشافي-یت، (لاَ شِفَاءَ:هیچ شیفایەك)؛ نییە بۆ ئەم نەخۆشە، (إِلاَّ شِفاؤكَ:مەگەر شیفای تۆ نەبێت)؛ وئەو سەلامەتی وعافیەتەی تۆ ئەیبەخشیت، (شِفَاءً:شیفایەك)؛ بە ڕەهایی، (لاَ يُغَادِرُ:نەیهێڵێت)؛ ونەمێنێتەوە، (سَقماً:هەر نەخۆشیەك)؛ لە نەخۆشیەکانی تر.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5542